

سەرچاوە wikipedia

**وەرگێر لەسۆئێدییەوە حامید مائیلی**

## لیبرالیزم

**وشەی لیبرالیزم لە لاتینی لیبر ،واتە سەربەخۆ،ئازاد ،ە وە هاتووە و بۆچوونێکی کۆمەڵایەتییە و ئیدئۆلۆژییەکی سیاسی کە هەڵگری باوەڕ بە ئازادی تاک وەک بایخێکی بنەمایی . وشەکە لە کەون ومەکانی جێواز مانای جێواز هەڵدەگرێ هەر بۆیەشە مانایەکی ڕوون و دیاریکراو لەو چەمکە بەدەستەوەدان هێندێک دژوارە . دەکرێ بڵێین لیبرالیزم واتایەکی نیزیک بە یەکێتییەک کە بەهەڵگری ناوەرۆکی ئازادی تاک . مافی مرۆڤ ، ئازادی ڕادەربڕین و دیموکڕاسی یە لێکبدرێتەوە . بوونی ژیانی کار وکاسبی دڵخوازانە دە بازاڕێکدا کە بە شێوەی ئابووری ئازاد بەڕێوە بچێ و مافی خاوەندارییەتی خسووسی(مالیکییەتی خسووسی ) کە خۆی هەڵگری زۆر لێکدانەوەی جێوازە ،بۆ هەموو دانیشتوان . وەک یەک نموونە لە مەڕ تەزمینی ئازادی –لیبرالەکان لە خۆتێوەگلانی دەوڵەت دە ژیانی خسووسی خەڵکدا بە دووردۆنگییەوە دەڕوانن .لێرە دەکرێ جێوازی نێوان بەشێک لە سوسیال لیبڕالیستەکان کە بە خشکە دەیانەوێ ئابووری (تەسەلی )ڕفاهی کۆمەڵایەتی (بەشی گشتی وجەماوەری یان بەشی خسووسی ) لە ڕێگای وەرگرتنیماڵیاتەوە دەگەڵ نێئۆلیبڕالیستەکان و ئانارکۆکاپیتالیستەکان کە دەیانەوەی هێندێک لە خزمەتگوزارییە حکومییەکانیش هەر بدەنە بەشی خسووسییەکان و ئابوورییە کەشی هەر خسووسی دابینبکەن. زۆربەی زلحیزبەکانی دونیایە کە خۆیان پێ لیبڕالە ، سوسیال لیبرالن . لە ئەمریکایە وشەی لیبرالیزم دە دونیای سیاسەتدا بۆتە وشەیەکی دزێو دەنێو دەستەچەپییەکاندا کە پێیانوایە نوێنەرایەتی بەشێکی گەورەن کە شوینەواریان بەسەر چۆنیەتی بازاڕدا هەیە .**

## ئیدئۆلۆژی

**دیموکڕاسی و مافەکانی مرۆڤ**

**دیموکڕاسی ، ئازادی و مافی دەنگدان گرینگایەتێکی تایبەتیان هەیە لای لیبڕالەکان– تەنیا هێزێکی بەڕێوەبەری دەوڵەتی کە بە بەڵێنەوە ڕێبەرایەتی بکا قانوونی یە . پرسیارێکی لە مێژینەی لیبڕالەکان ئازادی مەزهەبی ، ئازادی چاپەمەنی و ئازادی ڕادەربڕینە .لیبڕالەکانی نوێنەرایەتی بە سێکولاریزە کردنی کۆمەڵگا دەکەن ،واتە جیایی دین لە دەوڵەت.**

مەبەستی لیبرالیزم ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان خاوەن مافی یەکسانن . بە بێ لەبەرچاوگرتنی بۆ نموونە جنس ،پەیوەندی سێکسی ، و ڕەگەز . لیبڕالەکان نوێنەری دەوڵەتێکی عادڵن و هەمووان لە ڕاست قانوون بە چاوێک سەیر دەکەن . لیبڕالیزم خاوەن ڕابردوویەکی هومانیستیە .

## ئابووری ئازاد

زۆربەی نوێنەرایەتیی ئابوورییەکی ئازادی واقیعی لیبڕالەکان دەیکەن . توجارەتی ئازاد پرسێکی بنەمایی لیبڕالەکانە . باشترین میکانیزم بۆ بازاڕ ڕێک و پێک کردنی بەرهەم و ڕاگواستنی زانیاری دە نێوان دەلاڵان و پسپۆڕانی جۆراوجۆر دە بازاڕدا دایە .نیئۆ لیبڕالیستەکان پێیانوایە کە باشترین شێوەی بەڕێوەبردنی بازاڕ دوورەپەرێزی وخۆ تێوەنەگلانی سیاسەتە دە کار وباری بازاڕدا .دەحاڵێکدا سوسیال لیبڕالیستەکان نوێنەرایەتی تێوەگلانی دەوڵەت بە مەبەستی پاراستنی کێبڕکێی ومافی کرێکاران وکڕیاران.

## مافەکانی کۆمەڵایەتی

نێئۆلیبڕالەکان پێیانوایە کە چالاکی هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە دابینکەرەوەی تەسەلی دە کۆمەڵگادان ، بۆ نموونە خوێندەواری و داو و دەرمان بە شێوەیەکی خسووسی بەڕێوەبچن و خەڵک خۆیان مەخاریجەکەی بدەن . سوسیال لیبڕاڵەکان هەر لێرەش ئەرکی چاوە دێری بە سەر پاراستنی ئەو مافانە بە پرسێکی سەرەکی دەوڵە دادەنێن.

## بۆچوونەکانی نێۆ لیبڕالیزم

لیبرالیزم ئەغڵەب بە سەر دوو بۆچووندا دابەشدەکرێ ، سوسیال لیبرالیزم و نێئۆلیبرالیزم . کتێبی یان ڕاویلز (تێئۆرییەک لە مەڕ عەداڵەت ) داکە لە سەر بۆچوونی ڕۆبێرت نۆزیک نێئۆلیبراڵ و کتێبەکەی (دەوڵەتی ئانارشیزم و خەیاڵ) نووسراوە ئاماژە بەو دووکەرتە لە نێو لیبڕالیزمدا دەکا . لە بەر ئەوەیکە لیبرالەکان وەک بنەمایەکی سەرەکی لە ئازادی دەڕوانن جا جێوازی نێوان سوسیال لیبرالیزم و نێئۆلیبرالیزم هەر لە سەرتاریفی ئەرێنی و نەرێنی (مسبەت و مەنفی )یەکانە لە مەڕ ئازادی .

## نێئۆلیبرالیزم

نێئۆلیبرالیزم میرات و کەلەپووری ئەو لیبرالیزمە کلاسیکەیە کە لەسەدەی 16 و17ەوە سەریهەڵدا . مافی ژیان بۆ تاک ،ئازادی و مافی خاوەنداریەتی (مالیکییەت ) و هەروەها ئابووری لیبڕالی دوو نەریتی بەرچاویان هەیە . ئەرکی دەوڵەت بە دابینکردنی مافەکانی تاک لە لایەن پۆلیس ،دادگاکان و دیفاع بەرتەسک دەکرێتەوە . چالاکی بواری خوێندەواری و داو و دەرمان دەبێ لە لایەن شیرکەتی خسووسییەکانەوە یان ڕێکخراوەکان بۆ نموونە لەلایەن بیمەوە بەڕێوەبچن . بەڵام تا ئەو جێگایە کە دەگەڕێتەوە سەر تاک کە توانایی کڕینی ئەو پێداویستییانەیان نییە ،نێئۆلیبڕالەکان دابینکردنی ئەو پێداویستییانە دە کۆمەڵگایەکی شارستانیدا دەخاتە سەر ئەستۆی خزم وکەس وکاران کە وەک خەڵات یان یارمەتی ویان چاکە دەگەڵ یەکتری بکەن . دەوڵەتی بچووک(کەمایەتی ) و مافی خاوەدارییەتی خۆی نوێنەرایەتی بۆچوونی لیبرتاریانیزم کە شێوە باوەڕێکە دە لیبرالیزمدا دەکا و سەرچاوەکەشی لە تێئۆری لایسێز فایر کاپیتالیزم کە لە سەدەی 17 لە فەڕانسە لە لایەن فڕانسیوس کوێنس نایس وە وەک بناخەی ئابووری لیبڕالیزم کە لە توجارەتی ئازاد و بێ ماڵیات دەدوا ،دامەزرابوو . لە سۆئێد

**وشەی نێئۆلیبرالیزم بۆ ئەو وشەیە وەک هاومانادەکاردەکرێ . ئانارکوکاپیتالیزم یش خۆی بۆچوونێکی دیکەی نێئۆلیبڕالیزمە کە لە سەر ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەت لە بنەڕەتەوە هەر نابێ ببێ .**

**نێئۆلیبرالیزم ئیدۆئۆلۆژییەکی سیاسییە کە میراتگری لیبرالیزمی کلاسیکە لە دوای سەدەی 16 و 17 بەولاوە . بۆچوونەکە دە سێ کوزی دوایی ساڵەکانی 1900 دا وەدیهاتووە و وادیارە دەگەڵ سوسیال لیبرالیزم دا ناوێکچوویەکیشیان ببێ .**

**بەیەک مانای (ئینگلیسییەکەی نێئۆلیبرالیزم ) لیبرالیزمی نوێ دژایەتی دەگەڵ کەینیسیانیزم** (بۆچوونێکی ئابووری نەتەوەییە کە دە ساڵی 1936 دا لە ئینگلستان لە لایەن یۆن مایناردکەینیز هاتۆتە گۆڕێ ) **و تێوەگلانی دەوڵەت دەکار وباری ئابووریدا دەکا، هەر دەنێو ئەوانیشدا تاقمێک هەن کە نوینەری ئەو بۆچوونەن کە لاینگری وەرگرتنیماڵیاتی کەمتر و تێوەگلانی کەمتری دەوڵەتن دەکار وباری ئابووریدا . ئەو شرێوە بۆچوونە ڕۆناڵد ڕێگان لە ئەمریکا و مارگاریت تاچێر لە ئینگلستان نوێنەرایەتییان دەکرد.**

**لە سوئێدێش ئەو هزرە دە فەلسەفەی سیاسیدا کەلکی لێوەردەگیرێ . نێئۆلیبرالیزم خاوەن ناوەرۆکێکی ئیدۆلۆژییە کە لە سەر بنەمای مافەکانی لیبرالیزمی کۆن وەک مافی ژیان ، مافی ئازادی و دارایی دامەزراوە . دە ناوەرۆکی ڕوانگەی نێئۆلیبرالیزمدا لە مەڕ مافەکانی تاک ،بەڕێوەبەردنی سیاسەتێکی لیبرالیزمی ئابووری هەیە کە پارێزگاری لە کاپیتالیزم دەکا. وەک موادی موخەددەر – ئازادی چەکهەڵگرتن ، مافی خاوەندارییەتی و هەڵوێستی ئازادانە بۆ هاتووچۆ و ئازادی ڕادەربڕین بە تەواوی . بە پاساوی جۆراوجۆرئەو مافانە دەسەلمێندرێن .هەن نوێنەرانی نێئۆلیبرالیزم کە قەت لە بنەمای مافەکان لانادەن.هەشن ئەوانەی کە لە ئەسالەتەکە لادەدەن بەو بیانوویە کە ئاکامی ئابووری و ئازادی شەخسی ،کۆمەڵگایەکی باشتری لێوەدی بێ . ئەوەش تایبەتمەندییەکی جێوازە دە کار وباری ئابووریدا .**

**واژەی نێئۆلیبرالیزم تەنانەت وەک سمبولێک دە سیاسەتدایە بۆ ئەوانەی کە حەولی بە لیبرالیکردنی سیاسەت بۆ نموونە ، ئابووری ، ڕیفۆرم دە داشکاندنی ڕادەی مالیاتدا ،بە خسووسیکردن بە شێوەی جۆراوجۆر و هتد ... .**

**با مانایەکی بەرینتر وشەی نێئۆلیبرالیزم ئەغڵەب وەک وشەی تۆمەت و بۆ زۆریەک وەک لاتاوێک کەلکی لێوەردەگرن وئەو شێوە سیاسەتەی نێئۆلیبرالیزم کە مارگاریت تاچێر لە ئینگلستان و ڕۆناڵد ڕێگان لە ئەمریکا نوێنەرایەتیان دەکرد سەرەڕای وەیکە شەپۆلێکی بەرینی لە جیهان دەساڵی 1980 دا وەڕێخستبوو ،بۆ نموونە بانکی جیهانی و ئەرزی سەهامی نێو نەتەوەیی کە هەر ئەو سیاسەتە ی نێئۆلیبرالەکانیان بەڕیوەدەبرد ،بەڵام بە کۆنسێرواتیو واتە دواکەوتوو(ئیرتیجاعی ) نێویان دەرکردبوو.**

**لە سوئێد نێئۆلیبرالیزم بە واتای بەرینتر وادیارە ئاسەواری بە سەر سیاسەت و بەڕێوەبەرایەتی جەماوەری دە نێوان ساڵەکانی 1980 و 1990 دا تەنانەت بە سەر دەوڵەتی سوسیال دیموکڕاتەوە دیاربووە . فرۆشتنی شیرکەتەکانی دەوڵەتی ، لابردنی ئینحساری دەوڵەتی (مۆنۆپۆل ) و لە زیادبوونی یارمەتی بۆبەشی خسووسی بە مەبەستی تەسەلی (ڕفاه )، نموونەهایەکن لەو چەشنە . فامی هەست بە زیادە لە ڕادەی بەڕێوبەری سیاسی و بەشی دەوڵەتی وایکرد کە کۆمۆنەکان پشتیوانی لە هەڵبژاردنێکی ئازادانە بکەن بۆ ئابوورییەک کە ڕووی دە ئابووری بازاڕی ئازادە، هاوکاتیش دەوڵەتی ڕفاه و تەسەلی وەک پێکهاتە نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە لە لایەن هیچکام لەو حیزبانەی بەشدار دە پارلماندا ، ئەو زەختە ماڵیاتییە کە هێشتاش هەر بە بەرزترین ڕادەی مالیاتی دونیایە نێوبانگی دەرکردووە و وەک سیستیمێکی (هەڵچوویی )تەساعودی ماڵیاتی یە هەر لەگۆڕێ ماوە .**

## مێژوو

ئەو بەشە کورتەیەکە لە مێژووی لیبرالیزم دەدوێ

وشەی لیبراڵ کە ئەورۆ بە مانای سیاسییەکەی  دەکاردەکرێ لە دەور وبەری ساڵی 1820ەوە دەکارکراوە . بەڵام لیبرالیزم وەک ئیدئۆلۆژی ڕیشەی دە باوەڕی ئەو هومانیزمەی سەردەمی ڕینسانس هەروەها دە حیزبی ویگ لە بریتانیا دایە کە لە دوای شۆڕشی بریتانیایەوە کە بە (شۆڕشی پڕ لە شانازی ) نێوبانگی دەرکردبوو لە ساڵی 1688 دا کە هەڵبژاردنی شای ئەو سەردەمی بە مافی خۆی دەزانی . بزاوی ڕاستەقینەی لیبراڵەکان سەردەمی ڕووناکبیری لە دایکبووە ولە سەر بنەمای مافی تاک وبەشداریکردنی دە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوینەرانی خۆی دامەزراوە .

لیبرالیزم لە سەدەی18 بەدواوە، لە وڵاتانی خۆرئاوا کاتێکی کە چینی مامناوەندی کۆمەڵگا دەستەڵاتی بەدەستەوە گرت ڕوو لە گەشەکردنە . ئەو باوەڕە کە سەرچاوەی هەموو هێزێکی ئاڵوگۆڕ خەڵکە ،هەربۆیەشە کە ژێرانەیە قانوون گەلێکی پێویستی ئەوتۆ  بێنەکایە و بەڕێوەبچن ،لە سەردەمی ڕووناکبیریش  بە هێزترە .

سەرەڕای وەیکە بزووتنەوەی سەنعەتی هەلومەرجێکی تەسەلی ئابووری پێکهێنا ، جیۆازی چینایەتی کۆمەڵایەتی  و موشکیلاتی دیکەش وەک پیسی سروشت و هەوا ، هەڵاواردەیی ، ڕووبەزیادبوونی لەڕادەبەدەری دانیشتوانی شارەکان و کرێکاریی منداڵانیشی بدواوە بوو ،بەڵام خەڵک ساغتر و تەمەندرێژتریش ببوون . بە هۆی دابەزینی مووچە و حەقدەستەکان ئەژماری هێزی کار زیاتر لە ڕادەی پێویست هەڵکشابوو. سوسیال لیبرالیستەکان بۆچارەسەری بێکاری داخوازی لانیکەمی حەقدەست وپاوان کردنی کاری منداڵان وئەمنییەتی کاری بۆ کرێکاران بوون .

لیبراڵەکانی باوەڕمەند بە تێئۆری لایسێز فایر پێیانوابوو کە ئەو قانوونانە ئازادی ، مافی خاوەندارییەتی پێشێل دەکەن و ئاستەنگن لە ڕاست پەرەسەندنی ئابووری دا . بێجگە لەوەش پێیانوابوو کە کۆمەڵگا خۆی لە عۆدەی چارە سەری ئەو ئاستەگە دێتەدەر بە بێ وەیکە دەوڵەت خۆی تێوەبگلێنێ . خۆی ئەوهەڵوێستە ئاماژە بە هەووەڵین گرژی دە نێوان لیبرالیزمدا دەکا .

1911 ئێل تێ هوبهووس کتێبی( لیبرالیزم )ی دا دەرێ ودەو کتێبەدا، سەرەڕای درێژەی دژایەتییەکی ڕادیکاڵانە تا سنووری ئانارشیزمی ئەو بەشە لە لیبراڵەکان دەگەڵ تێوەگلانی دەوڵەت دەکار وباری ئابووریدا ، ئەو نێئۆلیبرالیزمەی سەلماند کە تێوەگلانی دەوڵەتیان دە ئابووریدا بە مەبەستی پاراستنی مافی هاوبەش ویەکسان دە دابەشکردندا بۆ تاکەکان بە ڕەوا دەزانی .

## ڕەخنە

مەبەستی ڕەخنە لەلیبرالیزمی لەبەردەست لە سۆئێدێ دەچێتەوە سەر وەلانانی ئەوقانوونە دەست وپێگرە لە سەر ڕێگای کێبەرکێی ئابووری و بە خسووسی کردن . ئەوەش پێیانوایە کە ئەو شێوە بە خسووسیکردنەی ئابووری بۆ تاقمێک هەلومەرجێکی باشی کلک وەرگرتن لە هەموو کەرەسەکانی

کۆمەڵایەتی پێکدێنێ دەحالێکدا هەن هێندیک لە دەرەوەی ئەوبازنەی بەخسووسیکردنەدا کە توانایی ماڵیان تەنانەت بۆ پڕ کردنەوەی ددانیان نییە .

نیئۆلیبرالیزم بە پێی ئەو خۆنواندنە دەبێ( ژیاندنەوەی سەرلەنوێی لیبرالیزمی کلاسیک ) بووبێ . نیئۆلیبرالەکان پێیانوایە کە سوسیال لیبڕالەکان ، براوەژوو دەڕواننە چەمکی لیبرالیزم و بایەخەکانی واتە مافی خاوەندارییەتی بە سەر خۆیان و شتەکانیان و هۆی لە دایک بوونی وشەی نیئۆلیبرالیزم یش هەر ئەوەیە . سوسیال لیبرالیستەکانی یش نیئۆلیبرالەکانیان داوەتەوە بەر لۆمە کە بایەخی سەروەت ودارایی بەلایانەوە گرینگترە لە بایەخی ئازادییەکانی شەخسی .

ڕەخنەیەکیش کە لەلایەن بەرەی چەپەوە لە مەرمافی خاوەندارییەتی خسووسی و بۆچوونی لیبرالەکان لە مەڕ ئابووری بازاڕی ئازادەوە لە سەرزارانن . بۆ ئاماژە بە نموونەیەکی بەرچاو ،ڕەخنەگران پێیانوایە کە خاوەن کار و کرێکار وەک دوو شەریک دەگەڵ یەک ،لە بەر بوونی شتێک بە نێوی خاوەندارییەتی ، یەکسان نین . کرێکار دە هەلومەرجێکی چاولەدەستی لە ڕاست خاوەنکار دایە چون کرێکار پێویستی بەو حەقدەستەیە کە خۆی وبنەماڵەکەی پێی دەژین ، خاوەنکار دەتوانێ بە هۆی بوونی بێکارێکی زۆر وزەوەند کە چاوەڕوانی وەرگرتنی کارن ،یەکی دیکە بێنێتە جێی ئەو کرێکارانە کە هەر ئێستا کاردەکەن.

ڕخنەیەکی دیکەش ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان بازاڕی لیبرالانە و دیموکراسی زۆر دیاریکراو وروون نییە، چون بۆچوونی لیبرالانە لە مەڕ بازاڕ لە لایەن دیکتاتورەکانیشەوە سەلمێندراوە ، بۆ نموونە چین و شیلی لە دەورانی ( پینووشە )دا . هەموو ئەو ڕەخنانە باس لەوە دەکەن کە تەنانەت کاپیتالیزم یش ەیچ وێچوویەکی نە کەم نە زۆر دەگەڵ ئەو بنەما لێبرالانەیە لەمەڕ بازاڕدا نییە .

ڕەخنەی دیکەش تاکگرایی (ئیندیویدوالیزم) دەگرێتەوە .ڕەخنەگران پێیانوایە کە لیبرالەکان دە لێکدابڕاندنی کۆمەڵگا بە تاکەکان زۆر بە پەلەن . بە پێی ڕەخنەگران تاک دە لیبرالیزمدا کراوە بە شتێک کە لە دەرەوەی ئەو دونیایەوەیە و دەست وێراناگا ،لە جیاتی ئەوەیکە دە پەیوەندی دەگەڵ دەورووبەریدا هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکرێ . ڕەخنەگران پێیانوایە کە مرۆڤ و ئازادییەکەی قەت لەبەر چاو ناگیرێ ئەگەر وەک شتێک و شەخسێک دەگۆمەڵگادا لەبەرچاو نەگیرێ . بە کورتی ئەو ڕەخنانە لەوە دەدوێن کە لیبرالەکان هێشتا لێیان حاڵی نییە کە تاک تا چ ڕادە ئاسەواری دەور و بەری خۆی پێوەدیارە دەبێ و دەکەوێتە ژێر ئەو ئاسەوارانە .

دە سەدەی 19 دا زۆر ڕێبەری سیاسی خاوەن ئوتورینە بوون کە لیبرالیزمیان وەک دوژمنی خۆیان سەیر دەکرد . مائۆ زێدۆنگ ساڵی 1937 دەنووسێ کە ( بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەبێ کەلک لەمارکسیزم وەربگرێ کە ڕووحی ئەرێنی( موسبەتە ) تا لیبرالیزم کە ڕووحی نەرێنی(مەنفی ) یە تێکی دەشکێنی) . ئەو لیبرالیزمی وەک تێکدەر بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری دەزانێ ،لەبەروەیکە لیبرالیزم بەر لەهەمووشتێک بەدوای ویستگەلی شەخسییەوەن .

## دیموکراسی لیبڕالی

دیموکراسی لیبڕالی خۆی شێوە دەستەڵاتدارییەکە کە نوێنەرایەتی دیموکڕاسی دەکا بە گوێرەی توانایی هەڵبژێردراوەکان کە تا چ ڕادەیەک دەتوانن سیاسەتی خۆیان لە مەڕ دابینکردنی عەداڵەت

بەڕێوەبەرن، هەڵبەت دیارە دە پەیوەندی خۆگونجاندن دەگەڵ ئەو پێکهاتانەی کە ئازادی تاک ومافەکانیان سەلماندووە و زەخت دەخەنە سەردەستەڵاتی ڕێبەرایەتی بە مەبەستی لەبەرچاوگرتنی ئەوپەڕی ڕادەی مافی کەمایەتی لە لایەن زۆرایەتییەوە. ڕادەی لەبەرچاوگرتنی ئازادی و مافەکان لە لایەن پێکهاتەکانەوە جیاوازیان هەیە ،بەڵام ناوەرۆکی هەموویان ئەغڵەب مافی ئەمنییەت ،ژیانی خسووسی ، دارایی و یەکسانی لە ڕاست قانوون و ئازادی ڕادەربڕین لەکۆڕ وکۆبوونەوە و تەنانەت لەمەڕ دین یش دەگرنە خۆ . دە دیموکڕاسی لیبراڵی دا ئەو مافانە دەتوانرێ دە قانوونی ئەساسیدا تەزمین کرابن یان جاری واشە ئەو دەستەڵاتە دەدرێ بە هێندێک پێکهاتە کە چاوەدێری پاراستن و تەزمینیان بن .

دیموکڕاسی لیبڕالی هەروەها هەڵگری توانایی سەلماندنی تەحەممول و پلورالیزم دە پەیوەندی دەگەڵ جیۆازی سیاسی بەرچاو دەکۆمەڵگادایە ، وتەنانەت ئیزنی بوون و ڕکەبەرایەتی سیاسی بە ئەوانەی کە زۆر توندئاژۆ و خاوەن بنەمایەکی لیبراڵانەن بە مەبەستی بەدەستەوەگرتنی دەستەڵات دەدرێ .
دیموکڕاسی لیبڕالی بۆیە باوەڕی بە دەنگدانە تا جیۆازبیران بە بۆچوونی جیۆازیانەوە بەشدار بن وهەلومەرجی بە دەستەوەگرتنی دەستەڵاتیان ببێ .دە کردەوەدا هەمیشە سەرکەتوویی بەو تاقمە بووە کە لاینگری دیموکڕاسی لیبڕالین و بە چەشنێک سیستیمەکە خۆی درێژە بەمانەوەی خۆی دەدا .

هزری، لیبرال ، دە دیموکراسی لیبرالی دا ئەوە ناسەلمێنێ کە قەوارەی دوڵەت سەبارەت بەڕەچاوگرتنی ئیدۆئۆلۆژی سیاسی لیبرالیزم تۆبزی لە سەرە .ئەوە تەنیا ئاماژەیەکە بەو ڕاستییانە کە دیموکڕاسی لیبراڵی لەڕاست دەستەڵاتدارانی سیاسی پارێزەری ئەو مافانەی شارۆمەندانەیە کە بنەما قانوونییەکان بۆ هەووەڵین جار لە سەردەمی ڕووناکبیریدا تەزمینیان کردوون ولە لایەن ئەو فەیلەسوفانەوە کە نوێنەرایەتی بیری ئازادیان دەکرد داڕێژراون کە هەر ئێستاش دە ناوەرۆکی زۆربەی ئیدئۆلۆژی سیاسییەکاندا کە دیموکڕاسی لیبرالییان سەلماندووە هەیە . دیموکڕاسی لیبرالی دەتوانێ دە پێکهاتەیەکی کۆماری یان پێکهاتەیەکی پادشاییدا بگونجێندرێ .

## دیموکراسی بورژوای

دیموکراسی بورژوایی تەوەرێکی مارکسیستی یە لە مەڕ سیستیمیکی سیاسی دە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا . ئەو تەوەرە دەحاڵی حازر بەرتەسک کراوەتەوە بە شتێکی جێی باس دە مارکسیسزمدا بەڵام بە گشتی لایەنەکانی دیکەی وەک لیبڕال یان دیموکڕاسی خورائاواییش دەگرێتەوە .

دیموکراسی بورژوایی بە پێی وتەی لێنین بەشی بەرتەسککراوەی دیموکڕاسییەکە کە دەناوەرۆکی خۆیدا شتێکە بۆتوێژی بورژوا بۆ داسەپاندنی دەستەڵاتی خۆی بەسەر چینێکی دیکەدا . دیموکڕاسی بورژوایی دەهەڵسەنگاندن دەگەڵ دیموکڕاسی سوسیالیستی دا شتێکی ناتەواو دێتە بەرچاو چونکوو بەتەسککراوەتەوە تەنیا دە دونیای سیاسیدا و ناگاتە دونیای ئابووری . دەهەڵسەنگاندن دەگەڵ سیستمی کومەڵگای فێئۆداڵی دا دیموکڕاسی مارکسیستی و تەنانەت دیموکڕاسی بورژوایی یش وەک دەستکەوتێکی پێشکەوتوانە دەژمێردرێن .

ڕوانگەی مارکسیزم –لێنینیزم لە مەڕ دیموکڕاسی بورژوایی دەکردەوەدا وایکرد کە ئەو پێکهاتە جەماوەرییانەی کە لەڕووسیە ەبوون، بە دوای شۆڕشی ئۆکتوبردا هەمووان لێک هەڵوەشیننەوە .

بوڵشویکەکان بە بیانووی وەیکە دیموکراسی بورژوایی لە هی ئەوسوسیالیستییە کە لەسۆویەت بەڕێوە دەچێ کەمتر دیموکراتە، هەڵیانوەشاندەوە .

## لیبرالیزمی کلاسیک

لیبرالیزمی کلاسیک (بە لیبرالیزمی لایسێز–فایر یش دەناسرێ) خۆی یەک مەکتەبی سیاسییە کە گرینگایەتییەکی تایبەت دەدا بە خاوەندارییەتی خسووسی . مافە سروشتییەکان ، بەرتەسککردنەوەی دەستەڵاتی دەوڵەت ،پاراستنی مافی سیاسییەکان . سیاسەتی ئابووری جەختکردنەوەیەکی بەهێزە لە سەر بازاڕی ئازاد و ڕزگاری تاک لە ژێرهەر چەشنە گوشارێک .ئەوانە وەک نموونە لە لایەن ئادام سمیت –داوید ڕیکاردۆ–یێریمی بێنتام – یووان ستوارت میل –ئاندرس چیدێنیوس ،وە ئاماژەیان پێکراوە .ڕیچارد کوبدن ( تەنانەت نوێنەرایەتی ئەو بەشە کە بە(لیبرالیزمی مێنچێستێر ناسراوە ) دەکا .
لیبرالیزمی کلاسیک تێکەڵاوێکە لە لیبرالیزمی ئابووری و لیبرالیزمی سیاسی . لیبرالیزمی کلاسیک جێوازی لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا دادەنێ کە دەوڵەت بە تۆبز ، کۆمەڵگا بە دڵخواز دەناسێ و بۆیە پێیانوایە کە دەبێ ئەرکەکانی دەوڵەت تەنیا پۆلیس ، ئەرتەش و دادگاکان بن ئەویش تەنیابە مەبەستی پارێزگاری لە ئەمنییەت و پاراستنی مافی تاک دە کۆمەڵگا دا .ئەو دەوڵەتە بچووکەش بە (دەوڵەتی قەرەوڵی شەو)یان (دارۆغەی شەو ) نێو دەبا .

## سوسیال لیبڕالیزم

سوسیال لیبڕالیزم وێڕای سەلماندنی حقووقی بەرین – هەروەها بۆ نموونە مافی خوێندەواری و بژیوەیەکی تەسەل یش دەگەڵ ئەو مافانە بە ڕەوا دادەنێ .بۆیەشە دەڵێین ئابووری دەوڵەتێک کە تەسەلی بۆ تاکەکان دابین دەکا دەبێ لە سەر بناخەی مالیات وەرگرتن دامەزرابێ تا توانایی دابینکردنی ئەو ئەرک وخزمەتانەی بۆ کۆمەڵگا بێ کە وەستۆی گرتووە . تێروانین لە مەڕ ئەوە کە جا گشتی یان خسووسی بۆ نموونە لە مەڕ داو و دەرمان جێوازی هەیە لە نێوان لیبڕالەکاندا . سوسیال لیبراڵەکان نوێنەرایەتی ئەو بەشە ئابوورییە دەکەن کە پێیدەڵێن ئابووری گونجاوی بازاڕ .

سوسیال لیبرالیزم خۆی لقێکە لە لیبرالیزم کە تاریفێکی ئەرێنی بۆ ئازادی هەیە . بە پێی ئەوتاریفە لە ئازادی ،ئازادی تاک دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە هەموو دەبێ ئیمکاناتی وەک یەکیان دە بوونی مافەکاندا هەبێ کە لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ نموونە خوێندەواری و داو و دەرمان تەزمین کرابێ .سوسیال لیبرالیزم نوێنەرایەتی سیاسەتێکی چالاکی کۆمەڵایەتی و هێندێک سیاسەتی ئابووری لە لایەن دەوڵەتەوە دەکا ،سوسیال لیبرالیزم هەروەها پێیوایە ئەغڵەب ئەگەر بازاڕ جوان ناگەڕێ دەوڵەت دەبێ کارێکی وابکا کە وەگەڕێ بخاتەوە ،ئەگەر چی هێندێک لە لیبرالەکانیش پێیانوایە کە تێوەگلانی دەوڵەت دە کار وباری بازاڕدا هەلومەرجەکە ئاڵۆزتر دەکا . بە ئینگلیسی زۆرجاران بەسوسیال لیبرالیزم دەڵێن نیئۆلیبرالیزم. ئەو لیبرالیزمە نوێیەی کە لە سوئێد هەیە و ئەوەی کە لە ئینگلیس بە نیئۆلیبرالیزم یان لیبرتاریانیزم ناسراوە جێوازیان هەیە ونابێ لێمان تێکبچن .

## سوسیال لیبرالیزمی ڕاوڵز

یۆن راوێلز یەکێکە لە بە تواناترین تیئۆریسیەنەکان دە نێو سوسیال لیبرالیزم دا .ڕاوێلز پێیوایە کە شتێکی سروشتییە بۆئەو سیستیمە لیبرالییەی کۆمەڵگا کە بگاتە ئامانجی خۆی بە مەرجێک تاقمێک مرۆڤ کە ئەو نێویان دەنێ (خاوەن پێگەیەکی سەرەتایی ) و لەوانیان بوێ کە هێڵی سەرەکی بۆئەو کۆمەلگایە دابڕێژن .پێگەی سەرەتایی بەمانای دەرفەتی پێش سازکردنی کۆمەڵگاکە ،کە هیچکام لە بەشداران نە لەو جێگا و ڕێگایەی کە دەوکۆمەڵگایەدا دیانبێ و نە چیان پێدەبڕێ شتێک نەزانن.بە پێی گوتەی ڕاوێلز ئەوان کۆمەڵگایەک پێکدێنن کە خاوەن ئەژمارێک پرنسیپن کە ئەوانیش بریتین لە :

.هەر مرۆڤێک مافی بەشداری دە دابینکردنی ئازادییەکانی بنەماییدا کە دەگەڵ ئازادی یەکسان بۆ هەمووان دەگونجێ هەیە.

.بە شێوەیەک دەبێ دەگەڵ جێوازی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەڵسوکەوت بکرێ کە بەرژەوەندی چینی هەژار و دەستتەنگی لێبکەوێتەوە.

. هەموو پۆست و پێگەیەک دەبێ دەرکی ڕووبە هەموو مرۆڤێک لە سەرپشت بێ و بە چاوی سووک ڕوانین و بە کەمگرتن ئیزنی پێنەدرێ .

ئەو ئازادییانەی کە پرنسیپە سەرتاییەکان لێیدەدوێن بۆ نموونە ئازادی ڕادەربڕین ، ئازادی ئیتحادییەکان ،ئازادی هەڵبژاردنی کار و شتەهایەکی وەک ئەوانە . هەووەڵین پرنسیپ نەبوونی هیچ باسێک بۆنموونە لە مەڕ ماڵیاتە .هاتنە ئارای گرژی وئاستەنگ نێوان پرنسیپەکان یەکیان لە یەکیان گرینگترن، ئەگەر پەیوەندی نێوانیان سەرەڕای ئەوەش ئاوا نەبێ کە خەڵک بتوانن کەلک لەو ئازادییانە وەربگرن کە هەووەڵین پرنسیپ باسی دەکا .(ئەگەر بکرێ بۆنموونە ئاماژە بە وڵاتانی یەکجار هەژار بکەین ).

## مێژوو

سوسیال لیبرالیزم بەشێکی ڕیشەی دە ڕاپۆرتێکدا کە لە لایەن کۆمیسیۆنی دەرباری شای ئینگلستان دە ساڵی 1842دا هاتووە . دەو ڕاپۆرتەدا لە هێزی کرێکارانێک دەدوێ کە ژنی دووگیان و منداڵی کەم تەمەن دە نێویاندا هەیە و بە پێی ئەو ڕاپۆرتەلە تاو هەڵاتەوە تا تاریکایی دادێ ئەوانە کاریان کردووە بە بێ هیچ ئەمنییەتێک .

ئەو ڕاپۆرتە تەواوی کۆمەڵگای ئینگلستانی هەژاندووە و لیبرالەکان مەرجیان بۆ دەوڵەت داناوە کە دەبێ بە تەواوی توانایی خۆیەوە بۆ نەهێشتنی برسێتی و هەژاری دەنێو کرێکاراندا حەول بدا . بیجگە لەوەش دەبوو بۆ لابردنی ئینحسار(پاوان ) و چەوساندنەوەی کرێکارانیش دەوڵەت چارەیەک بدۆزێتەوە و جەختیشان لە سەر ئەوە دەکرد کە ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پێش هەلومەرجی ئابوورییەوەیە .

ئیدئۆلۆژیەکە ئاسەوارێکی زۆری فیلسوفێکی وەک بۆ نموونە (یۆن ستوارت میل) ی پێوەدیاربوو کە نوێنەرایەتی لایەنگرانی پاراستنی بنەماکانی ئازادی تاک و ڕەسەنگرایی دەکرد. دەنووسراوەی (لەمەڕ ئازادی ) دا ئاماژە بە ئازادی ڕادەربڕین و بەرتەسک کردنەوەی ئەوئازادی کردەوانە دەکا کە ئاکامیان ئازار وکوێرەوەری خەڵکی دیکەی لێدەکەوێتەوە .

سوسیال لیبرالیزمی کۆن یش زۆر له سەر بازنەی ئابووری پێداگرییان دەکرد یەکێکی وەک یۆن ماینارد کەینێز که نوێنەرایەتی بە هێزی ئەو بەشەی دەکرد کە لایەنگری دەستەڵاتی دەوڵەت دە بەریوەبەرایەتی کار وباری ئابووریدا بوون ،بە پێچەوانەی ئەوەی وا کە لیبراله کلاسیکەکان نوێنەرایەتی تێزی ئابووریان دەکرد .بدوای ساڵەکانی 70دا ئەو تێئۆرییە ی ئابووری کەمتر لایەنگری بوو کە ئاکامیشی بوو بە دابەزینی ڕێژەی لایەنگرانی سوسیال لیبرالیزم له وڵاتانی دیکه .

بەرچاوترین تێئۆریسیەنی سوسیال لیبرالیزم لە سۆئێد بەرتیل ئۆلێن بوو کە نوێنەرایەتی ئابووری ئازادی وێڕای بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی ( سیاسەتێکە کە داواکاری دەستەڵاتی کەمتری دەوڵەته لەکار وباری ئابووریدا هەڵبەت جیاوازی هەیە دەگەڵ سوسیال لیبرالەکانی وڵاتانی دیکە ) هەر بۆیەش بوو ئەو شێوە باوەڕە زۆرتر لە سۆئیدی خۆڕاگری بوو تا وڵاتانی دیکە .